فەزڵ وپلەبەرزی زانا بەسەر عابیدەوە^ وەکو فەزڵ وپلەی منە بەسەر نزمترین کەس لە ئێوە

لە ئەبی ئومامەی باهیلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: باسی دوو پیاو کرا بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- یەکێکیان عابیدە وئەوی تریان زانایە؛ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «فەزڵ وپلەبەرزی زانا بەسەر عابیدەوە^ وەکو فەزڵ وپلەی منە بەسەر نزمترین کەس لە ئێوە^^». پاشان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خودا وفریشتەکانی وئەوانەی لە ئاسمانەکان وزەویدان تەنانەت مێروولەیش لە کونەکەیدا وتەنانەت ماسیەکانیش؛ سەڵات دەدەن~ لەسەر ئەو کەسانەی خەڵکی فێری خێر دەکەن». ^(عابید: واتە کەسێک خۆی یەکلایی کردبێتەوە بۆ خودا پەرستنی زۆر زیاتر لە فێربوونی زانستی شەرعی)، ^^(نزمترین کەس لە ئێوە: لە ڕوانگەی دینداری وتەقواوەیە)، ~(سەڵات دەدەن: واتا نزا بۆ ئەو (کەسانە دەکەن لە لای خودا وداوا دەکەن ڕەحمیان لێبکات وخێر وبەرەکەتیان پێببەخشێت

[حسن لغيره] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە]

دوو پیاو باسکراو بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- یەکێکیان عابید -زۆر خواپەرست-، وئەوی تر زانا بوو، کامیان باشترە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: فەزڵ وپلەبەرزی زانا بە زانستە شەرعیەکان کە کردەوەی پێدەکات وخەڵکی فێردەکات بە سەر عابید کە خۆی یەکلایی کردووەتەوە بۆ خواپەرستی لەگەڵ زانینی زانستە واجبەکان؛ وەکو فەزڵ وپلە وشەرەفمەندی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- بەسەر هاوەڵانەوە. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە هۆکارەکەی ئەوەیە الله -سبحانه وتعالى-، وفریشتەکانی هەڵگری عەرش، وخولّقێنراوەکانی ئاسمان وەکو فریشتەکان، وخولّقێنراوەکانی سەر زەوی وەکو مرۆڤ وجنۆکە وهەموو ئاژەڵەکان تەنانەت مێروولەیش لە خانەکەی خۆی لە ناخی زەویدا، ونەهەنگ وماسی دەریا، وهەموو ئاژەڵەکانی وشکانی ودەریا؛ هەموو ئەمانە نزای خێر دەکەن بۆ ئەو کەسەی زانستەکانی ئاین فێری خەڵکی دەکات چونکە هۆکارە بۆ ڕزگاربوون وسەرکەوتنیان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6106